

(16)

# نارنجۆکی تاسە

قوبادی جەلی زادە

1
بێم لەوێی هەڵەبجە...
لەوێی بێم
لەوێی؟
یا بە دیار وشکبوونەوەی بارانەوە،
تەڕ تەڕ سەفەر دەکەی؟!

2

بێم هەڵەبجە لەوێی..

بێم لەوێی

بێم؟

یا لە کاروانسەرای مەرگدا،

بە کاروانچییە دەمامکدارەکان دەڵێی:

((تکایە ئەم بارە سێوانە دامەگرن))

3

بێم هەڵەبجە لەوێی..

لەوێی هەڵەبجە

لەوێی بێم؟

ئێستاش، دارە مەیتەکانت هەر بەسەر شانەوەن!

لە ناشتنی تەرمی گەڵاکانت هەر نەبویتەوە!

بە خوێن نووسینی کێلەکان، کۆتاییان هەر نەهات!

ئێستاش هەر ((قازان قەتاران... کولینگان هەوایی؟))

4

هەڵەبجە بێم لەوێی

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟!

یا سەرقاڵی جیاکردنەوەی،

ئەسپی شەهیدو

پشیلەی شەهیدو

کۆتری شەهیدیت؟

یا سەرقاڵی تێکەڵکردنەوەی،

کانیی دابڕاو و... رووباریت!

گەڵای هەڵوەریو و.. درەختیت!

شاباڵی هەڵفرین و... ئاسمانیت؟

5

بێم لەوێی هەڵەبجە..

لەوێی...؟!

لەوێی بێم

یا دەنووکی چۆلەکەیەك،
پڕ دەکەیتەوە  لە فووی ئومێد؟
هەڵەبجە لەوێی......
یا لە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشدا،
ڕۆح دەچۆڕێنیتەوە لەشی سمۆرەیەك..
لە ڕۆژی ژەهرەوە،
گەردنی کاکڵە گوێزێکی ماچ نەکردووە!

6
لەوێی بێم هەڵەبجە ...
لەوێی بێم
بێم لەوێی؟!
ئەی لە کوێی کەسەکەم؟
چاویلکە دەبەشیتەوە؟
یا  دارشەق؟
یا پێنج هەزار شەتڵی تەنیایی دەنێژیت ؟!

7
هەڵەبجە لەوێی
لەوێی هەڵەبجە
بێم لەوێی...؟
یا سەرگەرمی
ژێرکردنەوەی گریانی، لە باوەشی دووکەڵدا
خڕکردنەوەی خۆڵەمێشی ڕەشکێنەی، لە چاوی ئاگرداندا
لێکردنەوەی گەردنی هەناریت، لە پەتی (سێو) دا؟!

8
چی دەکەی هەڵەبجە
لەوێی بێم
بێم لەوێی....؟
یا ئاوی لێڵکراوی، کانیلەکان دەپاڵێویت..!
تۆز لە باڵی ئەسپە شەکەتەکان، دادەتەکێنیت..
یا بە سروەی هەناسەی عەنبەر خاتوون،
گەلا
گەلا
درەختەکان پاکدەکەیتەوە لە ژەهر..؟!!

9

به چییەوە خەریکی هەڵەبجە...

لەوێی بێم

بێم لەوێی........

یا لەگەڵ مەولەوی–دا،

مینا لە پەنجەرەی شیعر دەگریتەوە،

رەحلەکانی قوتابخانە ریزدەکەیتەوە،

تەختەڕەش بەدیواری پۆلا دادەکوتیتەوە،

تەباشیر دەدەیتەوە دەستی مامۆستا..؟!

10

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم لەوێی..

یا لە قەراغ رووبارێکی ڕەنگپەڕیودا،

کز دانیشتووی و

ترس لە ماسییە زراو رژاوەکان دەردەکەیت!

رووناکی بە قرژاڵە کوێرەکان، دەبەخشیتەوە،

بۆقە لاڵەکان فێرە گۆرانی دەکەیتەوە؟!

11

بێم لەوێی

لەوێی بێم هەڵەبجە

بێم لەوێی....؟

نا... خۆت  هیلاك مەکە

بە نزای فرمێسك و

بە گریانی گەرم،

عومەری خاوەرو کۆرپەکەی

لە ئامێزی یەکتریدا،  نا ت را ز یٚ ن...

بە گوێم بکە،

لە تاکە گۆڕێکدا بیاننێژە... هەڵەبجە!

12

سەیرکە  هەڵەبجە

هەڵەبجە سەیرکە..

ئێستاکە لە شانەی ڕێکخستنی حیزبدا
دوو شەهید بەیەکەوە،
دانوویان ناکوڵێ....!
ئێستاکە لە ڕووباری حیزبدا،
جەللادو شەهید
بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە...!!!

13
چی کۆدەکەیتەوە هەڵەبجە..
چی کۆدەکەیتەوە..
چی.......؟!
بۆ ئینسانیەتی کەڕ... پێنج هەزار هاڕژنی هاوار!
بۆ ئیسلامەتی کوێر .. پێنج هەزار مەصحەفی سووتاو!
بۆ دەسەلأتی بۆن نەکەر.. پێنج هەزار گوڵی برین..؟!
چی کۆدەکەیتەوە
چی.....

14
بێم لەوێی هەڵەبجە
هەڵەبجە لەوێی
لەوێی بێم....!
دەزانم، لانکێکت دۆزیوەتەوە، کۆرپەکەیت لێ ونە!
دەزانم، گۆچانێکت دۆزیوەتەوە، دەستەکەیت لێ ونە!
دەزانم، گەردانەیەکت دۆزیوەتەوە، گەردنەکەیت لێ ونە!

15
بێم لەوێی
هەڵەبجە لەوێی
لەوێی بێم....!
یا بە نیازیت،
بە بەرماڵی برینەوە سەر لە خودا بدەیت..!
هێقەی پێغەمبەرەکان، ڕاتەکێنیت...
بە فریشتەکانی شەڕی بەدر بلێی:
بۆ لە (3|16) دا، فریای

مندالە موسڵمانەکانی من نەکەوتن..؟!!!

**16**

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم لەوێی...

یا بە دیار شەهیدبوونی نێرگزی ژیانەوە،

وشك

وشك،

ژەهر دەکێشیت....؟!

بێم لەوێی دڵەکەم

دڵەکەم بێم لەوێی

لەوێی بێم

بێم.........؟!!

